## Doorstromen و uitstromen

*لە کاتی چاوپێکەوتنی intakegesprek لەگەڵ trajectregisseur کەتدا، هەڵتانبژارت کە کام شوێنی کار باشترینە بۆ تۆ. بەڵام لەوێ ناوەستین.*

هانت دەدەین بەردەوام بیت لە پەرەپێدانی خۆت. ئەمەش لە رێی دانانی ئامانجەکانی فێربوون و گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوونت دەکەین. لەوانەیە دوای ماوەیەک شوێنی کارێکی جیاوازتر باشتر لەگەڵتدا بگونجێت. ئەمەش ناودەبرێت بە doorstromen. بۆ نموونە: لە بەشی بەرهەمهێنانی فەرشەکانی ئوتومبێل لە IBN Productie دەستپێدەکەیت لە شاری Veghel دوای دەچیت لە Berco کاردەکەی لە شاری Schijndel. ئەو کاتە لە رێگەی IBN ەوە رەوانە دەکرێیت.

لە هەمووی باشتر ئەوەیە ئەگەر چیتر پێویستت بە یارمەتی IBN نەبێت بە هیچ شێوەیەک. تۆ لە IBN دامەزرێییت یان دەست دەکەیت بە کارکردن بۆ ئیشێکی ئاسایی.بەم کردارە دەووترێت uitstromen. بۆ نموونە: تۆ وەک خانەخوێ لە Meeters لە Uden کار دەکەیت و دواتر دەچیتە سەر کار لە شوێنکی خواردن و خواردنەوە لە دەرەوەی IBN. ئەگەر سەرکەوتوو بوویت، ئێمە یارمەتیت دەدەین ئەو هەنگاوە بەیەکەوە لەگەڵ jobcoach دا بنێیت. jobcoach پشتگیریت دەکات و سەرپەرشتیت دەکات بە ئەنجامدانی گفتوگو لەگەڵت. ئەمەش وا دەکات کە ئاسانتر رابێیت لەگەڵ شوێنی کارەکەت.

لە کاتی چاوپێکەوتنەکانی evaluatiegesprekken و loonwaardemetingen، هەمیشە باس لەوە دەکەین کە ئایا دەتوانیت doorstromen یان uitstromen ببیت. ئێمە سەرپەرشتیت دەکەین.